OPEN THINK TANK
هزرسازیا نۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

OPEN DEBATES #5:

# سیستەمی کۆتا: سنووردارکردن یان دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان

بەروار: ١٦ی ئابی ٢٠١٨

شوێن: هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق

ژمارەی پەنەلیست: ١٠ پەنەلیست، ٣ بەڕێوەبەری پەنەل، ٣ پێشکەشکاری دەرەنجامی پەنەل

ژمارەی بەشداربووانی کۆنفرانس: ١٠٢ بەشداربوو تۆمارکراون

**هزرسازی ئۆپن بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای کۆنراد ئادیناوەر، ئۆفیسی سوریا و عێراق، پێنجەمین کۆنفرانسی خۆی ئەنجامدا. دیبەیتی ئۆپن زنجیرە ئیڤێنتی هزرسازی ئۆپنە، کە بە شێوازی کۆنفرانس، کۆڕ و کۆبوونەوە و وۆرکشۆپ لە لایەن هزرسازی ئۆپن و هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ هاوبەشەکانی ئەنجام دەدات.**

## پێشەکی

هەرێمی کوردستانماڵی کۆمەڵێك جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی و کەلتورییە، جگە لە نەتەوەی کورد کە زۆرینەن، گرووپی ئێتنیکو نەتەوەیی دیکە وەك کلد و ئاشووری، تورکمان، ئەرمەنی و عەرەب لە کوردستان دا دەژین، سەرەڕای ئەوە کۆمەڵێك گرووپی ئایینی و ئاینزای دیکەش وەك شیعە و سوننەی ئیسلام، کریستیان، ئێزیدی، کاکەیی، شەبەك، زەردەشتی و سابئی لەم هەرێمەدا هەن.

کوردی سوننی مەزهەب زۆرینەی ئەم هەرێمە پێکدەهێنن کە زۆرینەی سیاسی هەرێمیش لە دەست ئەواندایە، لەگەڵ ئەوەیشدا، پێکهاتەی دامەزراوەیی هەرێم بوار بە کەمینە نەتەوەییەکان دەدات، وەکو مافێکی شەرعی و یاسایی نوێنەرایەتی خۆیان لە بەشداریکردنی سیاسییدا هەبێت.

ئەم بارێدانەیش لە یاسای هەڵبژاردن و بە گوێرەی سیستەمی کۆتا ڕێکخراوە، بەجۆرێك لە کۆی 111 کورسی پەرلەمانی، 11 کورسی بۆ کۆتا دانراوە، پێنج لەو کورسییانە بۆ تورکمان و پێنجیشییان بۆ کلد و ئاشووری و یەك کورسیش بۆ ئەرمەنەکانە.

به گوێرەی سیستەمی کۆتا، بەشداری سیاسی ئەم سێ کەمینەیە، بەوشێوازەی کە باسمان کرد دەستەبەر دەکرێت، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە، ئایا ئەم کەمینە نەتەوەییانە، لە هەرێمی کوردساندا، هەست بە بەشداری ڕاسەقینەی سیاسی خۆیان دەکەن؟

ئایا لایەنە ئیجابیەکانی سیستەمی کۆتا چین؟

ژمارەیەکی بەرچاو لە کەمینە ئایینی و نەتەوەیی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە سود لە سیستەمی کۆتا وەرناگرن و بەو پێیەش بەشداری سیاسیان دەستەبەر ناکرێت، بۆیە بۆ زانینی هۆکاری سودمەندبوونی هەندێك لە کەمینەکان لە سیستەمی کۆتا و سودمەند نەبوونی ئەوانی دیکە، گفتوگۆکردنی ئەم بابەتە گرنگە.

هاوکات، پارتە دەستەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان، بەردەوام بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە سیستەمی کۆتا لە بەرژەوەندی خۆیاندا بە کار دەهێنن، ئەمە بە شێوەیەك دەکرێت کە پارتە سیاسیيە گەورەکان، کاندیدی خۆیان لە نێو کەمینەکاندا دەستنیشان دەکەن و بە ڕێگەی پشتگیری ناڕاستەوخۆ سەرکەوتنییان لە هەڵبژاردندا گەرەنتی دەکەن، بۆ ئەوەی وەك هێزی دیکە لە کاتی پێویست پشتگیری یەکتر بکەن.

ئەم بابەتە پێویستی بە گفتوگۆی قوڵتر هەیە، کە لەم کۆنفرانسەدا تا ڕادەیەکی باش بواری پێ بەخشرا، هەروەها داوای هەموارکردنی یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو لە لایەن زۆرێك لە کەمینەکان ئاراستە دەکرێت، کە ئەمە وەك ڕێگەیەك بۆ گەرەنتی بەشداریکردنی سیاسی ڕِاستەقینە، بۆ گشت کەمینە ئایینی و نەتەوەیی کوردستان دەبینرێت.

ئامانجی ئەم کۆنفرانسە یەك ڕۆژەییە، بۆ گفتوگۆکردن و دیبەیتی بەشداری سیاسی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان بوو.

ئەم کۆنفرانسە بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانە کەوتبوو، کە ئایا نوێنەرانی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان، تا چ ڕادەیەك هەست بە بەشداریکردنی سیاسی دەکەن؟

چەند لەو بەشدارییە سیاسییەی، کە بە گوێرەی سیستەمی کۆتا لە ئێستادا هەیە، ڕازین؟

دەتوانرێت چی بکرێت بۆ باشترکردنی سیستەمەکە؟

بەشداربووانی ئۆپن دیبەیتی پێنجەم لە ژمارەیەك یاسادانەر، بڕیاردەری سیاسی، سەرکردەی پارتە سیاسییەکان، سەرکردەی کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی هەرێمی کوردستان، دیپلۆمات و نوێنەری وڵاتان، ڕێکخراوە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، شارەزایانی ئەم بوارە، ئەکادیمیست، میدیاکار و چالاکەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بە تایبەت کەمینەکان خۆیان پێکهاتبوو.

OPEN THINK TANK
هزر سازیا ئۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

## پەنەڵەکان، پەنەلیست و پرسیارە سەرەکییەکان

کردنەوەی کۆنفرانس: پەیڤی دەستپێکردنی کۆنفرانس لە لایەن **د. محەمەدعەلی یاسین**، سەرۆکی هزرسازی ئۆپن و **لۆر فارگێلات**، نوێنەری دەزگای کۆنراد ئادێناوەر، ئۆفیسی سوریا و عێراق.

## پەنەڵی یەکەم: سیستەمی کۆتا، بەشداری سیاسی کەمینەکان لە دیدی نوێنەرەکانییان.

پەنەلیستەکان:

1. د. ڤیان دەخیل، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئێزیدی.
2. د. سرود متی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەبنا نەهرەین.
3. ئایدن مەعروف،ئەندامی پەرلەمانی کوردستان،جەبهەی تورکمان.
4. پەروانت ئەمینیان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئەرمەن.
5. بەڕێوەبردنی پەنەڵ: هۆزان نایف، ماموستای زانکۆی دهۆك.
6. دەرەنجامی پەنەل: د. مەدحەت سلێمان، ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان.

### پرسیارە سەرەکییەکانی پەنەڵی یەکەم:

- سیستەمی کۆتا و نوێنەرایەتی کردنی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان، چییە و چۆن کار دەکات؟
- لایەنە باش و لاوازەکانی سیستەمی کۆتا لە هەرێمی کوردستان، بۆ نوێنەرایەتی کەمینەکان چیین؟
- جیاوازی سیستەمی کۆتا لە حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی چییە؟
- ئایا سیستەمی کۆتا لە هەرێم، بەشداری سیاسی کەمینەکان دەستەبەر دەکات، یاخود سنووردار دەکات؟
- بە ڕای ئێوە لە ئایندەدا پێویستە کار لە هەمواری یاسا دا بکرێت یان نا؟

ئەگەر بەڵێ، چۆن و بە چ میکانیزمێك؟

OPEN THINK TANK
هزر سازیا ئوپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

**پەنەڵی دووهەم: پارتە سیاسییەکان و سیستەمی کۆتا**

**پەنەلیستەکان:**

1. د. جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
2. عەدنان موفتی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
3. بەڕێوەبردنی پەنەڵ: د. فەرسەت سۆفی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.
4. دەرەنجامی پەنەڵی دووەم: د. عبدالحکیم خسرو، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین.

**پرسیارە سەرەکییەکان:**

- لایەنە باش و لاوازەکانی سیستەمی کۆتا لە هەرێمی کوردستان، بۆ نوێنەرایەتی کەمینەکان چیین؟
- ئایا سیستەمی کۆتا لە هەرێم، بەشداری سیاسی کەمینەکان دەستەبەر یاخود سنوردار دەکات؟
- ئایا پارتە سیاسییەکان کۆتای کەمینەکان لە بەرژەوەندی خۆیان بە کار دەهێنن؟

بە ڕای ئێوە لە ئایندەدا پێویستە کار لە هەمواری یاسا دا بکرێت یان نا؟

ئەگەر بەڵێ، چۆن و بە چ میکانیزمێك؟

OPEN THINK TANK
هزر سازیا ئۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

**پەنەلی سێهەم: دیدی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ سیستەمی کۆتا و بەشداری سیاسی کەمینەکان.**

**پەنەلیستەکان:**

1. نەوزاد پولص، ڕێکخەری کۆمەڵەی کەمینەکانی کوردستان.
2. کەریم سلێمان، ڕاوێژکاری جڤاتی ڕۆحانی ئێزدی.
3. ڕەجەب کاکەیی، سەرۆکی ڕێکخراوی میثرا بۆ ڕۆشنبیری یارسانی.
4. سەرمەد مقبل کەیخوسرو، نوێنەری فەرمی بەهاییەکان لە حکومەتی هەرێم.
5. بەڕێوەبردنی پەنەڵ: هۆگر چەتو، سەرۆکی ڕێکخراوی هاوکاری میللی.
6. دەرەنجامی پەنەڵ: د. عبدالرحمن دەروێش، بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی K24.

**پرسیارە سەرەکییەکان:**

لایەنە باش و لاوازەکانی سیستەمی کۆتا لە هەرێمی کوردستان، بۆ نوێنەرایەتی کەمینەکان چیین؟

ئایا سیستەمی کۆتا لە هەرێم، بەشداری سیاسی کەمینەکان دەستەبەر دەکات یاخود سنووردار دەکات؟

بە ڕای ئێوە لە ئایندەدا پێویستە کار لە هەمواری یاسا بکرێت یان نا؟
ئەگەر بەڵێ، چۆن و بە چ میکانیزمێک؟

کۆمەڵگای مەدەنی چۆن دەتوانێت، لە بەرەوپێش بردن و باشترکردنی بەشداری کەمینەکان ڕۆڵی هەبێت؟

OPEN THINK TANK
هزر سازیا ئۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

## دەرەنجامەکانی کۆنفرانس

ئۆپن دیبەیتسی پێنجەم، بووار و دەرفەتێکی باش بۆ باشتر تێگەیشتنی بابەتی بەشداری سیاسی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان دا ڕەخساند، پرسیاری میحوەری کۆنفرانس ئەوە بوو، کە ئایا سیستەمی ئێستای کۆتا گەرەنتی بەشداری سیاسی کەمینەکان دەکات، یاخود بەشداریان سنووردار دەکات.

دیبەیت، گفتوگۆ و دیالۆگی سێ پەنەڵی کۆنفرانس، لە نێوان پەنەلیست و بەشداربووواندا، بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە: ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم سیستەمە لە بەرژەوەندی کەمینەکاندایە؟

هەروەها ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی سنووردارکردنی مافە مەدەنی و یاساییەکانی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەم سێ پانەڵەدا گفتوگۆ کران.

### پەنەڵی یەکەم:

لە پەنەڵی یەکەمی کۆنفرانسی ئۆپن دیبەیتسی پێنجەم، دید و بۆچوونی نوێنەرانی کەمینەکانی هەرێمی کوردستان، لە سەر ئەم بابەتە پێشکەشکران.

پەنەڵیستەکانی پەنەڵی یەکەم، لە هەر یەك لە نوێنەرانی پێکهاتەی کلد و ئاشووری، ئێزیدی، تورکمان و ئەرمەنی پێکهاتبوون. پەنەڵەکە بۆ ماوەی کاتژمێرێك و چل و پێنج خولەکی خایاند. چوار پەنەلیستەکە بۆ ماوەی کاتژمێرێك قسەیان کرد و چل و پێنج خولەك بۆ بەشداربووان و گفتوگۆ و دیبەیتیان لە سەر بابەتەکە تەرخانکرا.

### ئەم بابەتانەی خوارەوە لە پەنەڵی یەکەم دا باسکران:

- یاسا بەرکارەکانی هەرێم، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە مافی کەمینەکان و بەشداری سیاسیان، پێویستییان بە هەموار و پێداچوونەوەیە.
- یاسای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، هەنگاوێکی پۆزەتیڤە بۆ دەستەبەرکردنی مافی بەشداری سیاسی کەمینەکان، بەڵام ئەویش پێویستی بە پێداچوونەوە و هەمواركردنەوەیە.
- پێکەوە ژیان لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراق، بەراورد ناکرێت و زۆر باشترە و لە ڕووی بەشداری سیاسییش، دۆخی کەمینەکان لە هەرێم باشترە، لەوەی کە لە عێراقدا هەیە.
- سیستەمی کۆتا، تاکە ڕێگەی دەستەبەرکردنی مافی بەشداری سیاسی کەمینەکانە لە ئێستادا، ئەگەر بە پێی ئەم یاسایە نەبێت بەشدارییان زۆر ئەستەم دەبوو.

OPEN THINK TANK
هزر ساازیا ئۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

- سیستەمی ئێستای کۆتا لە سەر بنچینەی کەمینە نەتەوەییەکان داڕێژراوە، لە دیبەیت و گفتوگۆکاندا پێشنیاری کۆتا لە سەر بنچینەی ئایینی باسکرا.
- گرنگی کۆتای ئێزیدی و پێویستی جێکردنی، لە هەمواری نوێدا باسکرا.
- کۆتای ٣٠% بۆ دەستەبەرکردن و مسۆگەرکردنی بەشداری سیاسی ژنان، هەنگاوێکی دیکەی پۆزەتیڤە، گفتوگۆی ئەوە کرا کە لە هەرێمی کوردستان ژنان دەنگی پێویست دەهێنن و چیتر پێویستی بە کۆتای ژنان ناکات، بەو پێیەی کە لە دوو هەڵبژاردنی پێشتردا، زۆربەی ژنان دەنگی پێویستییان بە دەست هێناوە، ئەم کۆتایەش پێویستی بە پێداچوونەوە و هەموار هەیە.
- پێشنیاری دەنگدانی تایبەت، سندوقی تایبەت بە کەمینەکان و بەخشینی تایبەتمەندی بە هەر کەمینەیەك باسکرا، لێرەدا پێشنیاری ئەوە کرا، هەر کەمینەیەك سندوقی تایبەت بە خۆی هەبێت، دەنگدەرانی هەر کەمینەیەك تەنها دەتوانن دەنگ بە کاندیدانی خۆیان بدەن، دەنگدەری دەرەوەی کۆمەڵگەی ئەو کەمینەیە، مافی نەبێت دەنگ بە کاندیدی کەمینەکان بدات.
- سیستەمی کۆتا بوار بە بەشداری سیاسی کەمینەکان تەنها لە پەرلەماندا دەدات، کەچی ئەم سیستەمە بۆ بەشداری کەمینەکان لە دەستەڵاتی جێبەجێکاردا نیە، پێویستی یاسادانان بۆ مسۆگەرکردنی بەشداری سیاسی کەمینەکان لە دەستەڵاتی جێبەجێکاردا، گفتوگۆ کرا.
- پارتە سیاسییە گەورەکان، کورسی کۆتا بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کار دەهێنن، ئەو پارتانە کاندیدی خۆیان لە نێو لیستی کۆتاکان بە بەردەوامی دادەنێن و بە پشتگیری کردنییان بە دەنگدەری دەرەوەی کەمینەکان، کاندیدەکانیان سەردەکەون و دەکەونە خزمەتی پارتە سیاسییە گەورەکان لە هەرێمی کوردستان.
- گفتوگۆی ئەوە کرا، کە پرۆژەی کۆتای ئێزیدی لە لایەن پارتە سیاسیەکانی سلێمانییەوە دژایەتی دەکرێت، ئەمەیش لەبەر ئەوەی ئێزیدییەکان، زۆربەی زۆرییان لەو ناوچانەدا دەژین، کە پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین دەنگ و لایەنگری هەیە، لە ترسی ئەوەی کە ئەم کۆتایە بکەوێتە خزمەتی پارتی.

**پەنەڵی دووهەم:**

دوو پەنەلیستی ئەم پەنەڵە، نوێنەرایەتی دوو پارتی سەرەکی و گەورەی هەرێمی کوردستان دەکەن، جەعفەر ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و عەدنان موفتی، سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەم پەنەڵەدا قسەیان کرد، ئەم دوو پارتە بە دیزاینەری سەرەکی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێن و گرنگی

OPEN THINK TANK
هـزر سـازیا ئۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

بەشداری ئەم دوو بەڕێزە لەوەدایە، کە هەردووکییان لە بڕیاردان بە تایبەتی لە پەرلەمان و پرۆسەی یاسادانان دا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبووە، ئەم بابەتانەی خوارەوە لە پەنەڵی دووەمدا باسکران:

- یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گەرەنتی بەشداری سیاسی کەمینەکان دەکەن.
- پارتە دەستەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان، پشتگیری لە ماف و بەشداری سیاسی کەمینەکان دەکەن.
- پارتە دەستەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان، پێشنیازی گۆڕینی دەستەواژەی (کەمینە)یان کردووە و لە جیاتی ئەو (پێکهاتە) بە کاردەهێنن.
- کەمینە ئایینیەکان داوای هەمواری یاسا دەکەن، لە بەرژەوەندی زیادکردنی کۆتای ئایینی لە سیستەمی کۆتادا.
- لەسەر دەنگدانی تایبەت بۆ کەمینەکان، گفتوگۆ کرا، بەو پێیەی کە بە ئاراستەی هەمواری یاساکان کاری لەسەر بکرێت.
- ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی پاش ٢٠٠٣ کاریگەری نێگەتیڤی لە سەر دۆخی کەمینەکاندا هەبووە.
- ناوچە جێناکۆکەکان و پابەند نەبوونی حکومەتی فیدراڵی عێراق، بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستورییانەی پەیوەستن بەم ناوچانەوە، کێشەی کەمینەکان گەورەتر دەکات.
- مافی کەمینەکان لە ناو دەستەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە دەستەبەر بکرێت و بەشدارییان مسۆگەر بکرێت.

**پەنەڵی سێهەم:**

چوار پەنەڵیستی ئەم پەنەڵە، لە هەریەکە لە نوێنەری بەهایی، کاکەیی، ئێزیدی و کریستییان پێکهاتبوون، کە هەموویان چالاکی بواری سڤیل و مەدەنین، هاوکات ئەم پەنەلیستانە لە ماوەی ڕابردوودا بەشێکبوون لە کەمپەینێکی ڕێکخراو، بۆ پاراستنی مافی بەشداری سیاسی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان، لە پەنەڵی سێهەم و کۆتایی کۆنفرانسی ئۆپن دیبەیتی پێنجەم، ئەم دید و بابەتانەی خوارەوە گفتوگۆ کران:

- چالاکەکانی بواری کۆمەڵی مەدەنی لە کەمینەکان لە کاری بەردەوامدا دەبن، بۆ داواکاری مافی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی مافی بەشداری سیاسییان و پێکەوە کارکردن بۆ بەرەو پێشبردنی ئەوەی کە لە ئێستادا بوونی هەیە.
- یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان، مافی کەمینەکان دەپارێزن، بەڵام پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە.

OPEN THINK TANK
هزر سازیا ئۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

- پارتە دەستەڵاتدارەکان، بەردەوام پشتگیری خۆیان بۆ کەمینەکان لە هەرێمی کوردستان دا دەردەبڕن، بەڵام زۆرجار ئەم پشتگیرییانە، بە تەنها لە چوارچێوەی قسەدا دەمێننەوە.
- یاسای ژمارە ٥ ی ساڵی ٢٠١٥، یاسای پاراستنی مافی کەمینەکان، بە یاسایێکی باش لە قەڵەم دەدرێت و هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان لە هەرێی کوردستان، ئەم یاسایە دەشێت وەك بنەڕەتێکی کارکردن بۆ چالاکەکانی کۆمەڵی مەدەنی دابنرێت، بەرەو ئەو ئاراسەیە کار بکەن، کە لە داهاتوودا بۆ پاراستنی زیاتری مافی کەمینەکان هەمواری بە سوودی هەبێت.
- داواکاری، خواست و پێداویستییەکانی کەمینەکان، لە گرووپێکی کەمینە بۆ گرووپێکی دیکە، جیاوازن.
- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان و داواکاریەکانییان، ڕۆڵێکی باش دەگێڕن.
- لە هەرێمی کوردستان، ئازادی بیروڕا و ئایین بە تەواوی دەستەبەر نەکراوە.

## پێشنیارەکان

کۆنفرانسی ئۆپن دیبەیتسی پێنجەم، هەوڵی ڕەخساندنی دەرفەتی دیالۆگ، گفتوگۆ و دیبەیتی کراوە و دەربڕینی بیروبۆچوونی لایەنە جوداکانی پەیوەست بە بابەتی بەشداری سیاسی کەمینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دا.

ئامانجی سەرەکی کۆنفرانسەکانی ئۆپن دیبەیتس، سوود وەرگرتنە لە دەرەنجام و پێشنیارەکان، کە لە ئەنجامی گفتوگۆی شارەزایانی بواری بابەتی کۆنفرانسەکەدا دەردەکەون. لەم خاڵانەی خوارەوەدا، ئۆپن دیبەیتسی پێنجەم، پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش دەکات:

### یەکەم: پارتە سیاسییە گەورەکان و دۆخی کەمینەکان

- هەندێک لە پارتی سیاسی کەمینەکان، بۆ مسۆگەرکردنی کورسی کۆتا، خۆیان بە پارتە گەورەکانەوە دەبەستن، ئەمەیش بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرە ترسێک لە نێو کەمینەکاندا.
- پارتە سیاسییەکانی کەمینەکان ترسی سەرەکییان لەوەدایە، کە پارتە گەورەکان کورسی کۆتای ئەوان لە بەرژەوەندی خۆیان بە کار بهێنن، نەهێشتنی ئەم ترسە بە ڕێگەی گفتوگۆ، دانیشتن و قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە، لە نێوان

OPEN THINK TANK
هزر سازیا ئۆپن
open@ttopen.org
www.ttopen.org

پارتە گەورەکان و پارت و نوێنەری کەمینەکاندا دەکرێت. ئەم گفتوگۆیانە دەکرێت بەرەو ئاراستەی هەمواری یاسا یان ئامادەکردنی رەشنووسی یاسایەک بروات، کە لە بەرژەوەندی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی کەمینەکان دا بێت.

- لە هەرێمی کوردستان، کەمینەکان پێویستییان بەوە هەیە، کە هەست بە ئیتنیما بکەن، ئەمەیش بە گەرەنتیکردنی بەشدارییان لە گشت دامەزراوەیەکدا دەکرێت. گرنگە ئەنجومەنە خۆجێییەکان ئەکتیف بن و کەمینەکان لە دەڤەرەکانی خۆیان، بەشدارییەکی باشیان پێ بکرێت.
- گۆڕینی دەستەواژە و ناوەکان هیچ لە دۆخی کەمینەکان ناگۆڕێت. چەمکی کەمینەکان یاسایی و نێودەوڵەتییە، ئەوەی لە ناو و دەستەواژە گۆڕین گرنگترە، دەستەبەرکردنی مافەکانییان، ئارامی و ئاسایش و پاراستنی کەمینەکانە.
- پێشنیار دەکرێت پارتە گەورەکان، بوار بۆ پارتە گچکەکان بڕەخسێنن بۆ دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی زیاتر.
- بۆ هەندێک لە کەمینەکان، ئارامی و پاراستنییان زۆر لە بەشداری کردنی سیاسییان گرنگترە. زۆرینەی دەستەڵاتدار پێویستە پاراستنی کەمینەی بێدەستەڵات گەرەنتی بکات.

**دووهەم: پێشنیاری کۆتای ئایینی**

- ژمارەیەک لە پەنەلیست و بەشداربووی کۆنفرانس، پێشنیاری کۆتای ئایینیان کرد، ئەمەیش وەک چارەسەرێک بۆ بەشداری گشت کەمینەکان لە هەرێمی کوردستاندا باسکرا. ئەمە لە لایەکەوە لەوانەیە چارەسەری کێشەیەک بکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە ببێتە ئەگەری لێکترازانی کۆمەڵایەتی زۆرتر و قوڵتر و کاریگەری نێگەتیڤی هەبێت لە سەر پرۆسەی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیاری کۆتای ئایینی پێویستە زۆر بە وردی و هەستیاری ڕەفتاری لە گەڵدا بکرێت.
- داواکاری کەمینەکان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی دیکە و لە گرووپێک بۆ گرووپێکی دیکە جیاوازن، بۆ نموونە کاکەییەکان کێشەی بە فەرمی ناساندنیان هەیە، بەهاییەکان بەشداربوونی سیاسی بۆیان بە قەدەر پاراستنی ناسنامە و تایبەتمەندیان گرنگ نیە. ئێزیدییەکان بە دوای بەشداری سیاسی ئەکتیف و پاراستنی سەر وماڵیان.

OPEN THINK TANK
هزر سازیا نۆین
open@ttopen.org
www.ttopen.org

## سێهەم: مادەی ١٤٠ و سیستەمی کۆتا

- بەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ ی دەستوری عێراق، کێشەی کۆتا وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، بە گەورەیی نامێنێت، بۆ نموونە، کەمینەی وەک ئێزیدی، بۆ گەیشتن بە پەرلەمان، پێویستییان بە کۆتا نییە، دەنگدەرانییان بەشی مسۆگەرکردنی بەشداری سیاسییان دەکەن، ئەمە هاوکات دۆخی کاکەییەکان، بەهایی، شەبەک و سابیەکانیش دەگۆڕێت.
- هەر هەموارێک کە لە داهاتوودا لە سیستەمی کۆتا دا بکرێت، پێشنیار دەکرێت بەشداری سیاسی گشت کەمینەکان بە عەرەبیشەوە لە بەرچاو وەربگرێت.

## چوارەم: ئازادی بیروڕا و ئایین

- یاسا بەرکارەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان، مافی گۆڕینی ئایین، یان ڕووکردنە ئایینێکی دیکە، پێویستە لە هەمواری ئەو یاسایانەی پەیوەستن بە بواری کەسایەتی و مافی تاکەکەس بەرچاو وەربگیرێت.
- پێشنیار دەکرێت لە یاساکانی هەرێمی کوردساندا، جێگەی مافی ئازادی بیروڕا و ئایین بکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ڕەشنووسی نوێ و هەمواری ئەو یاسایانەی پەیوەستن بەم بابەتەوە ئامادە بکرێن.

## پێنجەم: گەرەنتی بەشداری سیاسی کەمینەکان لە دەستەڵاتی جێبەجێکار

- پێشنیار دەکرێت لە دەستەڵاتی جێبەجێکاردا، بەشداری سیاسی کەمینەکان گەرەنتی بکرێت.
- یاساکانی بەرکار لە ئێستادا تەنها گەرەنتی بەشدارییان لە دەستەڵاتی یاسادانان دەکات و هیچ پشتگیرییەکی دیکە بۆ بەشداریان لە دەستەڵاتی جێبەجێکاردا ناکات.
- ئامادەکردنی ڕەشنووسی نوێ بۆ یاسایەک پێشنیار دەکرێت کە ئەم مافەیان گەرەنتی بکات.